بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (١١٨) لە ٢٠٢١/١٠/٢٧

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٨) لە ٢٠٢١/١٠/٢٧، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی گشت وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم بڕگەکانی بەیانی لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا ژمارە (٣١) لە ٢٠٢١/١٠/٢٥ (کە وێنەیەکی هاوپێچە)، و گشتاندنی ناوەڕۆکەکەی بۆ سەرجەم دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و لێپرسینەوەی یاسایی لەوانەی کە سەرپێچی دەکەن لەبەر ڕۆشنایی یاسای تەندروستی گشتی و یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت بەتایبەتیش وەزارەتەکانی (پەروەردە، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ناوخۆ، کاروباری پێشمەرگە).

٢. دەبێت فەرمانبەران و کارمەندانی سەرجەم دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، تا ٢٠٢١/١٢/٣١ ڤاکسینی دژە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە خۆیان بدەن، و بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی پێویست دەگیرێتەبەر.

٣. ڕاسپاردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و فەرمانگەی میدیا و زانیاری لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی دەزگاکانی میدیا و ڕاگەیاندن بەردەوام بن لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و هاندانی هاوواڵاتیان بۆ پابەندبوون بە ڕێنماییەکان و خۆپارێزی و سەردانی بنکەکانی لێدانی ڤاکسین بۆ وەرگرتنی ڤاکسین.

٤. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران